راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

# شکۆدار بێت ئەوەڵی مانگی مەی، رۆژی هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران

رۆژی جیهانیی کرێکار وەك هێمای هاوپشتیی و هاوچارەنووسیی کرێکارانی جیهان، دەرفەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بەسەر ئەزموونی خەباتکارانەی چینی کرێکار و بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی نوێ لە پێناو رزگاریی مرۆڤایەتی لە چەوسانەوە. کرێکارانی ئێران و کوردستان لە هەل‌ومەرجێکدا بەرەو پیری جەژنی چینی کرێکار دەچن، کە لە دژوارترین دەورانی بێ‌مافی و چەوسانەوەی خۆیاندان.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامیدا، هاوکات لەگەڵ سەرکوتی کرێکاران و چەوسانەوەی زیاتری ئەوان، بەشێوەیەکی بەربڵاو هەموو ئازادیەك خنکێنراوە و هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان سەرکوت کراون. کۆماری ئیسلامی پێشێل کەری مافی نەتەوەکانی ئێران، هۆکاری داڕمانی ئابووری و بەرهەمهێنان، پەرەپێدەری ئیعتیاد، پارێزەری بیری کۆن و دواکەوتوویی، هاندەری هەڵاوارادنی رەگەزی لە دژی ژنان و ماکی گەندەڵی و لەشفرۆشی، هۆکاری خەمۆکیی لاوان و بێکاریی بەرینی کرێکارانی ئێرانە. ئەو رژیمەی کە کاری تەنیا چاندنی تۆوی مەرگ و تۆقاندن و دڵەراوکێ و پشتگیری و داڵدەدانی تیرۆریزم بووە و هەیە، ئێستا ئیتر بە ئاشکرا لەگەڵ بیروڕا و خواستی گشتیی خەڵکی ئێران لە دژایەتی دایە.

ئێستا کە کرێکارانی ئێران خۆیان بۆ بەشداری لە مەراسیمی رۆژی جیهانیی کرێکار ئامادە دەکەن و سەرقاڵی تاوتوێ کردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بزووتنەوەکەیانن، بە وردبوونەوە لە پێگەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی، تەریك کەوتنەوەی ئەم رژیمە نەك هەر لە نێو خەڵکی ئێراندا، بەڵکوو لە نێو خەڵك و رای گشتیی جیهانیشدا بە ئاشکرا دەبینرێ. ئەو راستیانە هەڵگری پەیامێکی روونە بۆ هەموو پشتیوانان و هەڵسووڕاوانی کرێکاری: "کۆماری ئیسلامی لە دوایین رۆژەکانی تەمەنی دەسەڵاتدارێتیی خۆی نزیك دەبێتەوە". تێگەیشتن لەو خاڵە کۆمەڵێك ئەرکی خێرا و پێویست دەخاتە ئەجێندای بزووتنەوەی کرێکاریەوە بۆ ئەوەی بتوانێ دەوری خۆی لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی داهاتووی ئێراندا بگێڕێ.

لە هەل‌ومەرجێکدا کە دوایین پەسندکراوی رژیم، ئاستی لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی بە 120 هەزار تمەن (واتە 40٪ کەمتر لە ئاستی داهات و توانای کڕین لە ساڵی 1358دا) دیاری کردووە، ئاشکرایە کە دەیهەوێ بە رەچاوکردنی ئەو سیاسەتە و بە داسەپاندنی بەربڵاوی هەژاری و بێکاری، بزووتنەوەی کرێکاری بە چۆکدا بێنێ. لەم بارودۆخەدا گرینگترین ئەرکی کرێکارانی ئێرانیش دەبێ خواستی بردنەسەری حەقدەستەکان بە مەبەستی باش بوونی توانای ماڵی کرێکاران لە لایەك و پەرەپێدان و

پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕکۆمەڵی سەربەخۆی کرێکاری لە لایەکی‌تر بێت بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای بەربەرەکانێ لەگەڵ سەرمایەداران و دەوڵەت.

کرێکارانی کوردستان کە لە هەژارترین و بێبەشترین کرێکارانی ئێرانن، لەگەڵ ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییش بەرەوڕوون. پەرەسەندنی بێکاری لە کوردستان، جیاوازی و هەڵاواردن لە وەگەڕ خستنی سەرمایەدا و تەرخان نەکردنی بودجەی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئۆستانە کوردنشینەکان و لەم دواییانەشدا ڕاگرتنی هەرجۆرە دامەزراندنێك لەو ناوچەیە و بەرتەسك کردنەوە و تەنانەت داخستنی ئەو ژمارە کەمەی ناوەندە کۆنەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستان، هەمووی ئەوانە نیشاندەری دوژمنایەتی قووڵی ئەم ڕژیمە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ترس و نیگەرانیی ئەو لە ئاست خەباتی ڕەوا و حەقخوازانەی ئەو خەڵکەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی دیموکراسی و هاوپەیمانی پێشکەوتنخوازی و سێکۆلاریزم لە ئێراندا بووە. کرێکارانی ئێران بە داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی‌تر لە ڕاستیدا دەبنە ڕێخۆشکەری یەکگرتنی کرێکارانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان.

سەرەڕای ئەوەی کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاستی جیهانیدا کەوتۆتە بەر هێرشی بەربڵاوی سیستمی سەرمایەداری، بەڵام ئێستا گەلێك هەوڵی بەربڵاو لە ئارادایە تا کرێکاران بتوانن لە قاوغی دیفاعی بێنەدەر و بتوانن لە ئاستی جیهانیدا یەکگرتووتر بێنە مەیدان. ئەمڕۆکە خەبات بۆ ڕزگاریی ئینسان لە چەوسانەوە، ئاوێتەی خەبات بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی دیموکراسی و خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان و ئاشتی و ئازادی، بووە.

لە ئێران و کوردستانیش کە دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتدار تەنگی بە کرێکاران هەڵچنیوە، هەوڵدان لە پێناو دیموکراسیدا، بەشێکی جیانەکراوەی تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری و ئاسایشی کرێکارانە. چینی کرێکار لە ڕەوتی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ بتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەرین لەگەڵ هێزە دیموکراتیك و ئازادیخوازەکان هاوپەیمان بێت.

**بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری**

**بژی هاوپشتیی کرێکارانی جیهان**

**بژی سۆسیالیزم و ئازادی**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

6ی گوڵانی 1384

26ی ئاوریلی 2005

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3150289**
Tel: **(0044704)3160752**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**